

# کورتەیەک لە مێژووی فەلسەفەی پێداگۆگی

**کەریم مستەفا**

لەگەڵ گەشەکردنی زمانی نووسراودا، نزیکەی ٤٠٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا، هەوڵدان بۆ فێرکردنی منداڵان دەستیپێکردووە، بەر لەو مێژووە، فێربوون تەنها لە ڕێگەی لاسایی کردنەوەی گەورەکانەوە بووە، یان ڕاستتر بڵێین، بەرهەمهێنانەوەی هەمان کولتووری باوان و گەورەکان بووە، سۆمەرییەکان و بابلییەکان، یەکەم کەسانێک بوون، کە (خانەی فێرکردن) خانەی تایبەتیان بۆ خوێندن و فێرکردن بنیاتناوە و ئەرکی ئەو فێرکردنەشیان بە کەسانی تایبەتکار سپاردووە.

گریکەکان ئەو خوێندنگە، یان ئەو خانەی فێرکردنەیان ناونا (سکولا)، کە مانای (مەرەخەسبوون لە کاری فیزیکی) دەگەیێنێت.

لە خوێندنگە (سکولا)ی گریکەکاندا، منداڵان ڕۆشنبیر دەکران، فێری شێوازی پەیڤین، خوێندنەوە، نووسین، ماتماتیک، فەلسەفە، زانست، وەرزش و مۆسیقا دەکران.

بێگومان، ئەو منداڵانەی لەو خوێندنگەیە دەیانخوێند، لە خانەوادەی زەنگینەوە دەهاتن، جا بۆیە هەر منداڵە و کۆیلەیەک دەیهێنا بۆ خوێندنگە. بەو کەسە کۆیلەیەیان دەگووت (پەیداگۆگ)، واتە ڕێنیشاندەری منداڵ.

هەردووچەمکی پیداگۆگی و پیداگۆگ، لەکاری ئەو کۆیلانەوە سەرچاوەدەگرن و پەیدابوون.

لەگەڵ پێشڤەچوونی ژیان و گۆڕانە هزرییەکاندا خوێندنگەش گۆڕانی بەسەرداهات و پرسیارگەلێک، لەمەڕ خوێندن و فێرکردن، دەهاتنەکردن، لەوانە:

-دەبێت چی فێری منداڵ بکرێت؟

-دەبێت چۆن منداڵ فێربکریت؟

-بۆ دەبێت منداڵ فێری ئەو بابەتە هەڵبژێردراوانە بکرێن؟

لەگــەڵ زیاتر بەرەوپێش چوون و گەشــەکردنی خوێندنگەدا، بابەت و پرســیارە فەلسەفییەکانیش، بەشــێوەیەکی نــوێ، دیســان خۆیــان خزاندە ناو بەرنامەکانــی خوێنــدن و شــێوازی کار و مێتۆدی پێداگۆگەکانەوە.

وەک زانراوە، مێژووی فەلسەفە بۆ ساڵانی (٥٠٠-٦٠٠پ.م.) دەگەڕێتەوە. مێژووی فەلسەفەی

پێداگۆگییــش لــە ســاڵانی (٣٠٠-٤٠٠پ.م.) سەرهەڵدەدات.

لەســەرەتای ســەرهەڵدانی مێژووی فەلسەفیدا، فەیلەســوفە سروشــتییەکان، وەک تالیــس (٥٤٦-٦٢٤پ.م.)و ئەناکســیمەندەر (٥٤٦-٦١٠پ.م.) هەوڵیاندەدا لە گەردوون و سرووشــت و دیاردەکانی بگەن و ڕاڤەی بکەن.

سۆفیســتەکان، ڕێچکەی بیرکردنــەوە و ڕامانی فەلسەفەیان لە سروشــتەوە بۆ ڕامان و بیرکردنەوە لە خودی مرۆڤ، گۆڕی. ڕاســتییەکان لەلای ئەمان، ڕێژەیی و لەگۆڕاندابوون. ئیدی مرۆڤ بوو بە پێوەری گشــت شــتەکان، وەک (ڕەوشت، ڕاســتی، چاکە، خراپــە، جوانــی، ناشــیرینی و .............) بۆ نموونــە، پراتۆگراس (٤٠٠ پ.م.) مرۆڤی بە پێوەری گشت شتەکان داناوە.

ســۆکرات (٣٩٩-٤٧٠پ.م.) پلاتــۆن (٣٤٧-٤٢٧پ.م.) ئەریســتۆ (٣٢٢-٣٨٤پ.م.) ئەمان زیاتر گرنگییان بە کێشــە ڕەوشــتی/ ئێتیک، ئایدیایی و میتافیزیکیەکان داوە.

بە کورتی فەلسەفەی پێداگۆگی هەر لەسەرەتاوە تا ئێستا، سەرقاڵی سێ پرسی سەرەکی بووە.

ئۆنتۆلۆجی (میتافیزیک)

ئێپستمۆلۆجی (زانین/ زانیاری)

ئێتیک (ڕەوشت)

## ئۆنتۆلۆجی

ئۆنتۆلۆجی، یان مێتافیزیک، لە وشەی (ئۆنتۆ= هەبــوون، ئەوەی کە هەیە) بەمانــای تاووتوێکردنی پرســی بنەڕەتی هەبوون و پەیدابوون و لێکۆڵینەوە لە بنــەڕەت و بنەماکانی بوونــی فیزیکی-ماتەری و هەستەکی، سروشت و دیاردەکان.

پوختەی بیرۆکەکە، گەڕانە بەشــوێن پەیداکردنی هۆ-هۆکارێکی چەسپاو و نەگۆڕ بۆ ڕاڤەکردنی دنیایەکی ڕاستەقینە و واقعێکی بزۆک و هەردەم لە ئاڵوگۆڕدا. ئەو واقیعەی کە ئێمە لەڕێگەی هەستەکانمانەوە، دەرکی دەکەین، دنیایەکی -واقیعێکی بزۆک و هەمیشــە لە ئاڵوگۆڕدایە. ئەم دیدگایەش، ئەو پرسە دێنێتە گۆڕێ کە مادام واقیع-جیهــان بزۆکە و لە گۆڕاندایە، ئیدی دەشــێت، جیهان و واقیعێکی چەسپاو و ڕاستەقینە، لەپشت ئەم جیهانەوە هەبێت!

بەگوێرەی ڕاڤــەی ماتریالســتیانە، پێکهێنەری بنەڕەتــی سروشــت و هەبوون-ڕاســتەقینە، تەنها ماددەیــە و بــە بۆچوونی دێموکریــت (٤٠٠ پ.م.) ماددە، سروشت-ڕاستەقینە پێکدێنێت و بچووکترین یەکەی ئەو ماددەیەش، ئەتۆمە.

بــە بۆچوونی ماتریالســتانەی تۆمــاس هۆببس (١٥٨٨-١٦٧٩) هەرچــی لــە سروشــتدا هەیــە، هەبوونێکــی ماتریاڵانــەی بزۆکە. ئێمــەی مرۆڤ، بزاوتــی ئەو ماتریاڵانە، لە ڕێگەی هەســتەکانمانەوە (بینین، بیســتن، بۆنکردن، تامکردن و دەست لێدان -بەرکەوتن)ەوە هەستپێدەکەین، بەڵکو بیرکردنەوە و ئاگامەندیش هەر هەمان پرۆسەن.

لەهەمبــەر ئەم بۆچوونەدا، بۆچوونێکی دژ هەیە، کە بە فەلسەفەی پلاتۆنی، یان فەلسەفەی ئایدیالیزم، ناســراوە. بەگوێرەی ئەم فەلسەفەیە و بە بۆچوونی پلاتۆن، ڕاســتەقینە-واقیــع، هەبوون، لە دوو بەش پێکهاتووە:

بەشی یەکەم: جیهانی ئایدیا، ئەندێشە، جیهانی بەرز.

بەشی دووەم: جیهانی هەستەکان، جیهانی نزم.

ئۆنتۆلۆجی ئەم دوو پرسیارە دەوروژێنێت

١-ئایا سروشــت (هەبوون-ڕاستەقینە) ئەوەیە، کە ئێمــە (مــرۆڤ) دەتوانین ببینین و هەســتی پێبکەین؟

یان، بە واتایەکی دیکە

-سروشت (هەبوون-ڕاستەقینە) بوونێکی ماتەری هەیە و دەتوانین لەڕێگەی هەســتەکانمانەوە هەستی پێبکەین؟

٢-ئایا سروشت (هەبوون-ڕاستەقینە) شتێکە،کە ئێمە ناتوانین لە ڕێگەی هەستەکانمانەوە ببینین؟

یان، بە واتایەکی دیکە

-سروشت (هەبوون-ڕاستەقینە) شتێکە لە ماتەر بەدەر و لە ڕێگەی هەستەکانمانەوە، ناتوانین ببینین و هەستی پێبکەین؟

## ئێپستمۆلۆجی

ئێپستمۆلۆجی، لە وشەی (ئێپستمە = زانیاری) یۆنانیەوە وەرگیراوە، بەمانای تیۆری زانیاری و زانین دێت. بەڵام:

-ئایا زانیاری چیە و چۆن پەیدا دەبێت؟

-ئایا سەرچاوەکانی زانین کامانەن؟

-ئایا هەر لە بنەڕەتدا، ئێمە پێویستیمان بە زانیاری هەیە؟

-ئایا ئێمە لەڕاستیدا توانای تێگەیشتنی زانیاریمان هەیە؟

بە گوێرەی ڕاڤەی ڕاشونالیزمی (ڕاتیۆ/عەقڵانی)، پرۆسەی ئاگامەندی، دووبارە بەرهەمێنانەوەی ئایدیاکان/ بیرەکانە لە ئاگایی مرۆڤدا، لەڕێگەی ماتماتیک و لۆجیکەوە (ژیرێتی)، بۆ بەرهەمهێنانی چەمکەکان و پەرەسەندنی زانیاری.

بەگوێرەی ڕاڤەی ئێمپیریزمی (ئەزموونگەری) زانیاری لە ڕووبەڕووبوونەوە و کارلێککردن (ئەزموون)، لەگەڵ بابەتدا (بابەتە ماتریالیەکانی دەوروبەرمان) پەیدادەبێت.

پێش بەدەستهێنان و پەیداکردنی زانیاری، گرنگە ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین،کە :

-ئایا پێویستمان بەزانیاری هەیە؟

-ئایا توانامان هەیە زانیاری پەیدابکەین، یان بەدەستبهێنین؟

بە شێوەیەکی گشتی، ئیپستمۆلۆجە لە دوی وەڵامی ئەم پرسیارانە دەگەڕێت:

-مرۆڤ دەبێت (دەتوانێت) چی بزانێت؟

-مرۆڤ چۆن زانیاری پەیدادەکات؟

-مرۆڤ کەنگێ دەتوانیت، زانیاری پەیدابکات؟

## ئێتیک

ئێتیک-ڕەوشت، لە وشەی (ئێتۆس= خو -عادەت) ی یۆنانییە وە هاتووە.

پرسیارە سەرەکییەکانی ئێتیک ئەمانەن:

-چاکە و خراپە، ڕاست و هەڵە، جوانی و ناشیرینی، ئەرک (بەرپرسیاریەتی) و ماف، چین؟ لە کوێوە، یان چۆن پەیدادەبن؟

-ئایا چۆن لەم پرسانە دەڕوانین و تێیاندەگەین و دەبێت بە چ ڕێگە و شێوازیک هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکەین؟

-ئایا مرۆڤ دەبێت چ بەرسڤ و کاردانەوەیەکی لەهەمبەر ئەم پرسانەدا هەبێت؟

-ئایا ڕێگەچارەگەلێک هەیە، تا وەک شێواز و بەرسڤ بۆ ئەم مەبەستە کەڵکی هەبیت؟

-ئایا، لە بەرسڤ و پەرچەکردارەکانمان، بۆ ئەم پرسانە، ڕازین؟

سەرەڕای ئەمانەش، ئێتیک، پرسی ئەوەش دەکات،کە

-ئایا، ئێمە بەرپرسی دید و بۆچوون و تێڕوانینەکانمانین، لەهەمبەر ئەو پرسانەدا؟

بەکورتی، ئەم سێ بابەتە، بەشە سەرەکی و گرنگەکانی فەلسەفەی پێداگۆگی پێکدەهێنن. هەر پرۆگرام و بەرنامەیەکی پێداگۆگی/ فێرکاری، ئەم سێ پرسە گرنگەی تێدا نەگونجابێت و بە شێوەیەکی ژیرانە مامەڵەیان لەگەڵدا نەکرابێت، ئەوا بەرنامەیەکی فێرکاری نادروست و دوورە لە بەها مرۆییەکانەوە.

## ڕێبازەکانی فەلسەفەی پێداگۆگی

دەکرێت بە شێوەیەکی گشتی، فەلسەفەی پێداگۆگی بەسەر دوو شاڕێبازدا دابەش بکەین:

-شاڕێبازی کلاسیکی

-شاڕێبازی مۆدێرن

هەریەکە لەم شاڕێبازانەش لەناوخۆیاندا بەسەر چەند ڕێبازێکدا دابەشدەبن.

## شاڕێبازی کلاسیکی :

-ڕێبازی هێلینی، یان ڕێبازی ئاتێن

سۆفیستەکان (٣٠٠-٤٠٠پ.م.)

پرۆتاگۆراس(٤٠٠ پ.م.) " مرۆڤ پێوەری گشت شتەکانە."

دیموکریت(٣٨٠-٤٦٠پ.م.) (دۆزینەوەی هۆکارێکم (هۆکاری ڕوودانی شتێک) لەلا باشترە

تابیمە شای ئێران)
سۆکرات (٣٩٩-٤٧٠پ.م.) (ئارێتا/ وریایی)
پلاتۆن (٣٤٧-٤٢٧پ.م.) (دەوڵەت/ کۆمار.)
ئەریستۆ (٣٢٢-٣٨٤پ.م.). (پۆلیتیک.)
ڕێبازی ڕۆشنگەری (ئێپیستمۆلۆجی و ئێمپێریزمی)
فرانسیس باکۆن (١٥٦١-١٦٢٦) (نۆڤوم ئۆرگانۆن.)
یۆهان ئامۆس کۆمۆنیۆس (١٥٩٢-١٦٧٠) (ڤیالویسس/ ڕێگەی ڕووناکی-١٦٤١)
جۆن لۆک (١٦٣٢ — ١٧٠٤) (هەندێ بیروبۆچوون دەربارەی فێرکاری-١٦٩٣)
کانت (١٧٢٤-١٨٠٤)

## ڕێبازی(نەیچرالیزمی) سروشتیخوازی

ژان ژاک ڕۆسۆ (١٧١٢-١٧٧٨) (ئێمیل-١٧٢٦)
یۆهان هێنریخ پێستالۆزی (١٧٤٦-١٨٢٧)
- (نێوهوف) لە ساڵی١٧٧٤ دا نووسراوە: هێزی مێشک، هێزی دەست، هێزی دڵ.
-لینهارد ئوند گێرترود (لە ساڵی١٧٨١-١٧٨٧)
-وای گێرترود ئیهرە کیندەر لێرت (لە ساڵی١٨٠١دا نووسراوە.
ڕێبازی نیو نەیچرالیزم/ سروشتیخوازی نوێ
جان پیاژت (١٨٩٦-١٩٨٠)

## شاڕێبازی مۆدێرن

شاڕێبازی مۆدێرنیش بۆ ئەم ڕێبازانە دابەشدەبیت
ڕێبازی ماتریالستی دیالێکتیکی، یان مێتۆدی مارکسی
لێڤ سێمۆنۆڤیچ ڤیگۆتسکی (١٨٩٧-١٩٣٤)
ڕێبازی پراگماتیزمی
چارلس ساندرێس پێرس (١٨٣٩-١٩١٤) (ئینکوایری سۆسایەتی/ جڤاکی ڕامانی)
ولیام جەیمس (١٨٢٤-١٩١٤)
جۆن دێوی (١٨٥٩-١٩٥٢)

## شاڕێبازی کلاسیکی (هێلێنی-ئاتێن) سۆفیستەکان

گروپێک لە فەیلەسوفی پرۆفیشناڵ بوون، لە ساڵەکانی (٣٠٠-٤٠٠پ.م.)دا لە ئاتێن، خەریکی وانە گووتنەوە بوون. بەرانبەر ئەو کارەیان هەقدەستیان وەردەگرت. سۆفیستەکان، گۆڕانێکی زۆریان لە بۆچوون و دیدگای فەلسەفیدا بەرپاکرد. پرسە فەلسەفیەکانیان، لە پرسە سروشتی و ماتریاڵیەکانەوە، بۆ پرسی مرۆڤ و دیگای مۆراڵی/ ئاکاری گۆڕی.

بە بڕوای سۆفیستەکان، مرۆڤ بە دید و بۆچوونی جودا، لە سروشت و دیاردەکان و لە پرسە ئێتکی و مۆراڵییەکان دەڕوانن و هەرکەس لە ڕوانگە و پاشخانی زانیاری و ئاستی ژیری خۆیەوە، بابەت و دیاردەکان ڕاڤەدەکات. هەر بۆیە پرۆتاگۆراس (٤٠٠ پ.م.) یەکێکە لە سۆفیستەکان، گوتوویە: " مرۆڤ پێوەری گشت شتەکانە."

هەروەها، بەدوداگەڕان و لێکۆڵینەوە، لە دیاردە و تێگەیشتن لە هۆکارەکان، ئامانجێکی گرنگ و سەرکی بووە لەلای سۆفیستەکان، هەر بۆیە یەکێکی دیکە لە سۆفیستەکان دێموکریت (٣٨٠-٤٦٠پ.م.) گوتوویە:" دۆزینەوەی هۆکارێکم (هۆکاری ڕوودانی شتێک) لەلا باشترە تابیمە شای ئێران."

## سۆکرات (٣٩٩-٤٧٠پ.م.)

بەناوبانگترین پێداگۆگ لە مێژوودا سۆکراتیس بووە. سۆکراتیس بیر و بۆچوونە فەلسەفیەکانی خۆی بە شێوازێکی پێداگۆگیانە، لەڕێگەی دیالۆگەوە دەردەبڕی، بەتایبەتی کاتێک،کە لەگەڵ لاوانی شاری ئاتێندا دەپەیڤی. تا ئەمڕۆکەش ڕێبازی پێداگۆگی سۆکراتی، یان مێتۆدی دیالۆگی سۆکراتی، لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا،گرنگی خۆی هەرماوە.

گەرچی سۆکراتیس هیچ نووسراوێکی لەدوا بەجێ نەماوە تەنها لەدەمی پلاتۆنی شاگردیەوە باسکراوە، بەڵام هەروەک خۆی گووتویە، ئەو وەک مامانێک وایە و تەنها یاردەی لەدایکبوونی بیروبۆچوونەکانی کەسانی دیکە دەدات.

سۆکراتیس، هێندە پەرۆشی فێرکردنی لاوان بوو، دەستەڵاتدارانی ئەو سەردەمەی شاردەوڵەتی

ئاتێن (ئەسـینا) وەک مەترسیەک لێیاندەڕوانی و بە تێکدەری ڕەوشـتی لاوان تۆمەتباریانکرد و سـزای مەرگیان بەسەردا سەپان.

سـۆکراتیس بە مێتۆدیک کاری دەکرد، کە خۆی ناوی نابوو (ئاڕێتـا/ وریایی)، لە ڕێی ئەو مێتودەوە هەوڵیدەدا کەسـی بەرانبەر ناچار بکات، کە خۆی بە دەرئەنجامێک بگات، هەر بۆیە سۆکراتیس خۆی وەک مامانێـک دەدیت، کە تەنها ڕۆڵـی ئەوەیە، یارمەتی منداڵ بدات تا لەدایک ببێت، دەنا مامان هیچ ڕۆڵێکی لە دروستبوونی منداڵەکەدا نییە.

## پلاتۆن(٣٤٨–٤٢٧پ.ز.)

شـاگرد و هاوڕێی سـۆکراتیس بـووە. پلاتۆن نووسـراوگەلێکی بەنرخی دوای خۆی جێهێشتووە و داهێنەری یەکەمین سیستەمی پێداگۆگیە.

بەڕای پلاتۆن ڕێبازی پێداگۆگی ئێپستمۆلۆجیانە بناغەی سیسـتەمێکی فێرکاری گشتگرە و بە چوار هەنگاودا دەڕوات. لەم هەنگاوانەدا بابەت، مەبەسـت بابەتی فێرکاریەکە، لە ڕێگەی (فێرکار) پێداگۆگەوە لـە بابەتەوە دەبن بە زانیاری و لە دوا هەنگاویشـدا دەبن بە بەشێک لە ئاگامەندی (فێرخواز) خوێندکار.

هەنگاوەکانیش ئەمانەن

١ دۆکسا DOXA ئێیکاسیاستادیەت

تێکەڵەیەکـە لە بابـەت–چالاکـی کولتووری و چالاکـی فیزیکی. فێربـوون و ڕاهاتـن لەتەک ئەم چالاکیانـەدا، لەڕێگەی گەمـە–یاریکردنەوە، هاوڕێ لەگەڵ (هەقایـەت) چیرۆک و فاکتـی مێژووییدا بە منداڵ–خوێندکار ئاشنادەکرێت.

لەم هەنگاوەدا فێرکردن و گەیاندنی زانست–بابەتی وانەکە، لە گۆشـەنیگای فێرخـواز–خوێندکارەوە. بەواتایەکی دیکە، لەم هەنگاوەدا فێرخواز زانیارییەکی ناتـەواو (وەهمی) لەلا دروسـتدەبێت. ئەمەش دژی ئێپستمەیە.

٢-ئێپستمە EPISTME پیستیسستاییت

لەم هەنگاوەدا، خوێندکار زیاتر لەسـەر کارکردن لەکایـە مەعریفییەکانـدا ڕادەهێنرێـت. چالاکییـە کولتوورییەکان لەگەڵ ڕیتم/ مۆسیقادا تێکەڵدەکرێن. لـەم هەنـگاوەدا، فێرخواز/ خوێنـدکار بە پێوەر و گۆشـەنیگای لۆجیکانە ڕادەهێنرێت، تا بتوانێت لەو ڕێگەیەوە زانیاری تیۆری بەدەسـتبهێنێت و تێڕامانی هەبێت ( ئەم هەنگاوە دژی دۆکسایە)

٣-دیانۆیا DIANOIA دییانۆاستادیەت

لەم هەنگاوەدا زانیارییە ئەپستراکەکان، جێگەی زانیارییەکۆنکرێتییـەکان دەگرنەوە، تێگەیشـتن لە ژمارە و قەبارەکان/ ئەندازەکان، دەگاتە ئاسـتێکی باڵا. تێگەیشـتنی فێرخواز–خوێندکار بۆ بابەتەکە، لەڕوانگـەی بابەتـی ڕاڤەکـراوەوە کـە، پێکڤەوە گرێدەدرێت.

٤-نۆیسیس NOISES

لەم هەنگاوەدا، فێرخواز/ خوێندکار دەگاتە ئاستێک لە تێگەیشـتن و ئاگامەندی لە بابەت. تێگەیشتنێکی لۆجیکانـە و دیالیکتیکانەی بابەت. بەبڕوای پلاتۆن، تێگەیشتن لەم قۆناغەدا تێگەیشتنێکی لەگومان بەدەر و چەسـپاوە. بەگووتەی ئێدمۆند هۆسـرڵ (١٨٥٩-١٩٣٨) (هاوژینێتی)هەڵکردنی ئاگامەندیانەیە لەگەڵ بابەتدا).

پلاتـۆن، لە دیالۆگی دەوڵەت/ کۆمار دا، کە بە ترۆپکـی بیر و بۆچوونە فەلسـەفیەکانی دادەنرێت، بـاس لە پلانەکانی پـەروەردە و فێرکردن دەکات و فەلسەفەش بە وانەیەکی سـەرەکی، لەپاڵ موسیک و ماتماتیکـدا، بۆ منداڵ/ خوێنـدکار دادەنێت. (( ئالێرەوە، گرنگی فەلسەفە لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردندا دەردەکەوێت.))

## ئەریستۆتێلیس(٣٢٢–٣٨٤پ.ز.)

ئەریسـتۆ ڕێبـازی ئۆنتۆلۆجـی، یـان ئۆنتۆلۆجی ڕیالیسـتی، لە پێداگۆگیـدا پیادەکرد. کورتەی فەلسـەفەی ئەریسـتۆ لەسەر ئەم بۆچوونە بنیاتنـراوە، کە ( ڕاسـتەقینە/ ڕیالەتـی، هەیە و سـەربەخۆیە و جودایە لە بوونی ئێمە و وابەست نیە بە ئاگامەندی ئێمە/ مرۆڤ سەبارەت بەو.) واتە دنیای ڕاستەقینە بەدەرە لە ئاگامەندی مرۆڤ. ئۆنتۆلۆجی ئەریسـتۆ، لـە نووسـراوی/ کتێبـی میتافیزیکدا بەتەواوەتی ڕوونکراوەتەوە.

کێشەی ئێتیک لای ئەریستۆ، کێشەیەکی بنەڕەتییە و هەوڵیداوە ڕاڤەی بکات. ئەریسـتۆ پرسیارێکی زۆر گرنگ و سـەختی هوروژاندووە، کاتێک دەپرسـێت" بەرزتریـن چاکە/ باشـە، چییە؟ " وەڵامەکەشـی

(ئیودایمۆنی = خۆشبەختی)یە.

ئەریستۆ، لە (بابەتی) ئێتیکدا چوار پرسیاری گرنگی کردووە

١.مەبەست لە چاکە-جاکی چییە؟

٢.چ شتێک چاکە؟

٣.چ کردەوە-هەڵسوکەوتێک چاکە؟

٤.دەکری بڵێین،کە بۆچی ئەوکردەوەیە-هەڵسوکەوتە، باشە؟

ئەریستۆ، بانگەشەی خوێندنی دەوڵەتی (حکومی) دەکات. خوێندن و فێرکردن بە ئەرکی دەوڵەت دەزانێت و دەبێت بۆ هەمووان بێت. دەوڵەت، لەلای ئەریستۆ هاوپەیمانێتی/ شەراکەتێکە، لەنێوان هاونیشتمانەکاندا، کە ئامانجێکی هاوبەشیان هەیە بەوپێیەش، دەبێت خوێندن بۆ هەموو هاوڵاتیان و هاونیشتمانان بێت و ئامانجێکی هاوبەشیشی هەبێت. لەبەرئەوەی ئاست و توانای تێگەیشتنی کەسەکان/ تاکەکان جیاوازن، ئەوا ئەریستۆ پێیوایە دەبێت ئاستەکانی خوێندنیش بۆ تاکەکان جیاوازبن.

ئەریستۆ زۆر گرنگی بە ڕۆڵی مامۆستا/ فێرکار/ وانەبێژ مامۆستا داود/ فێرکار ئەوکەسەیە، کە زانیاری سەبارەت بە ڕیالەتی/ ڕاستەقینە هەیە و هێندەش چەمک و دەستەواژە و وشە دەزانێت، کە بتوانێت ڕاڤەی ئەو ڕاستەقینە/ ڕیالەتییەی پێبکات''. بۆیە هەوڵی داوە بەم چوار هەنگاوە وانەبێژی (لێکتیۆ) فۆرمۆڵە بکات:

<u>فۆرمۆڵەی یەکەم:</u>

مامۆستای بەتوانا و زمان پاراو، دەتوانێت (دەبێت) سەرنجی (زەوقی) منداڵ/ خوێندکار بۆلای بابەتی خوێندنەکە ڕابکێشێت.

<u>فۆرمۆڵەی دووەم:</u>

دەتوانێت (دەبێت) گشت لایەن و وردەکارییەکانی بابەتەکە بۆ منداڵان، بخاتە ڕوو( شیبکاتەوە).

<u>فۆرمۆڵەی سێیەم:</u>

لە دەرئەنجامی فاکت و ڕوونکردنەوە و نیشاندان (لەلایەن مامۆستاوە و بینین لەلایەن خوێندکارەوە)، خوێندکار بتوانێت وەسف و پێناسەی بابەتی باسکراو/ خوێندراو، بکات.

<u>فۆرمۆڵەی چوارەم:</u>

منداڵ/ خوێندکار (بتوانێت) گفتوگۆ لەمەڕ بابەتی خوێندراوەوە بکات و هەوڵبدات هۆی خوێندنی بابەتەکە تێبگات.

## ڕێبازی ئێمپیرزمی

ڕێبازی ئێمپیرزمی (ئەزموونگەری) کە زانیاری بەدەستهاتوو لە ڕێگەی ئەزموونەکانەوە، لە ناوەندا دادەنێت، سەرەتای سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٢٠٠.

## فرانسیس باکۆن (١٦٢٦-١٥٦١)

باکۆن، تیۆری و مێتودی فەلسەفەی ئێمپیرزمی لە ساڵی ١٦٢١ دا لە نووسینی کتێبی (نۆڤوم ئۆرگانۆم) دا بەکارهێنا. ئەم کتێبە لەژێر ڕۆشنایی و کاریگەری (ئۆرگانۆن) مێتودی فێرکاری ئەریستۆ دا نووسراوە

باکۆن، لەم کتێبەیدا، ڕەخنە لە بەدحاڵیبوون و چەواشەکاری دەگرێت، کە دەبنە ڕێگر لەبەردەم گەشەسەندنی زانست و زانیارییدا. یەکێک لەو بەدحاڵیبوونانەی، کە بایکۆن ڕەخنەی توندی لێدەگرێت، ( غەرەزی عیلەلی سروشت) یان ( مەبەست و ئامانج لە دروستبوونی سروشت ) ڕەتدانەوەی ئەو بڕوایەی کە گوایە سروشت بۆ مەبەستێک دروستبووە. بەبڕوای باکۆن، هیچ ئامانج و مەبەستێک لە دروستبوونی سروشتدا نیە، بۆیە، بڕواهێنان، یان بەدحاڵیبوون لەم تێزە، دەبێتە ڕێگر لە فراوانبوونی زانیاری و زانست. ڕەنگە ئەم بۆچوونەش لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوەی گرتبێت، کە باکۆن پێیوابوو "زانیاری هێز، یان دەستەڵاتە" ئەم ڕێبازەی باکۆن لە لایەن جۆن لۆک درێژەی پێدرا.

## جۆن لۆک(١٦٣٢ – ١٧٠٤)

لەلای جۆن لۆک، لەکتێبی (سەبارەت بە تێگەیشتنی مرۆڤ) (١٦٩٠) و ( هەندی بیروبۆچوون دەربارەی فێرکاری) (١٦٩٣) ئەم کاریگەریەی باکۆن، ڕەنگیداوەتەوە.

لۆک، پەیوەندی نێوان شت/ بابەت لە جیهاندا و ئاگامەندی مرۆڤ، بە (ڕیالزمی/ ڕیالستی ڕەخنەگرانە) تێدەگات.

بەبڕوای لۆک، فرە ئەزموونی دەبێتە بنەمای فرە بیری(فرە ئایدیا). لۆک گەیشتۆتە ئەو بڕوایە کە، بیری مرۆڤ، بە هۆی بوونی بابەتە دەرەکییەکانەوە پەیدادەبێت.

## سیستەمە ئاکاریەکەی لۆک لەسەر دوو پایە بنیاتنراوە

١.وەکیەکی (یەکسانی)

لەلای لـــۆک، وەکیەکی، مانای ئەوەیە، کە کەس مافی چەوســـاندنەوەی دیگەرانی نیـــە و نابێت هیچ کەسیکیش لێبگەڕێت بیچەوسێننەوە. گشتمان ئازادین و خاوەنـــی خۆمانین. ژیان مافێکی سروشـــتیمانە و مافی (موڵک و سامان) خاوەندارێتیمان هەیە.

٢.ئازادی

ئـــازادی، هاوتا و هاوەڵـــی وەکیەکییە. بەبڕوای لۆک، ئازادی پەیوەســـتی وەکیەکییە، بەو مانایەی، کە هـــەر کەس ئـــازاد بێت لـــە هەڵبژاردنی ڕێبازی ژیانی خۆی، دەربڕینی بیروباوەر، مافی خاوەندارێتی و موڵکایەتـــی. بەڵام نابێت ئازادی هیچ کەســـێکی دیکەش، پێشـــێلبکەین، جا بۆیـــە یەکدی قبوڵکردن (تۆلێرانس) بنەمایەکی گرنگە بۆ ئازادی.

بەکورتی، لۆک، پـــەروەردە و فێرکاری لەم چوار خاڵەدا چڕدەکاتەوە

١.لەش ساغی

لەبەر ئەوەی لۆک، پزیشـــک بـــووە، بڕوای وایە لەشساغی مەرجێکی هەرەگرنگی فێربوون و کارکردنە، بۆیە گوتوویە:

(گیانی ســـاغ/ پاک، لە لەشـــی ساغدایە) بۆیە، بەگرنگی زانیوە، کە منداڵ لەســـاڵەکانی ســـەرەتای تەمەنیدا (بەتایبەتی تا چوار ســـاڵی) خۆراکی چاک و پۆشـــاکی لەبار و ژینگـــەی پاکی هەبێت و جوڵە/ وەرزش بکات.

٢پەروەردەی ڕەوشتی

لەم ڕێگەیـــەوە دەتوانین (خو)ی منداڵ بگۆڕین. لۆک بڕوای وایە، کە پەروەردەکردنی ڕەوشتی، منداڵان فێری خۆناســـین و خۆجڵەوکردن دەکات و هۆشیاری جێگەی ڕزەبیری دەگرێتەوە.

٣.پەروەردەی کۆمەڵایەتی

منداڵان، لەســـەرەتادا تێرمـــە کۆمەڵایەتییەکان لـــە باوان و مامۆســـتاکانیانەوە فێردەبـــن. دواتر لە کۆمەڵگـــەوە، لۆک بڕوای وابـــوو، کە پەروەردەیەکی کۆمەڵایەتی ساغڵەم، لە نموونەی (کەسانی) ساغڵەم و دروستی ناو کۆمەڵگەوە فێری منداڵ دەکرێت.

١.فێرکردنـــی کتێبـــی لـــەم قۆناغـــەدا، منداڵ دەخوازێت فێربێت. بەبڕوای لـــۆک، فێرکردن نابێت بەزۆربێت، بەڵکو دەبێت بە حەز و خواســـتی منداڵ بێت. ئەو کتێبانەی لەســـەرەتای پرۆسەی فێرکردندا بەکاردەهێنرێـــت، دەبێت تێکســـتەکانی ئاســـان و شادیهێن بن.

## سروشتویستی(نەیچرالیزمی)

نەیچرالیزم، لەســـەر ئـــەو بنەمایە دامـــەزراوە، کە ڕاســـتەقینە (هەبوون) دەشـــێت لە ڕوانگەیەکی هارمۆنییەوە، بە گەڕانەوە بۆ دیاردە سروشـــتیەکان، ڕاڤەبکرێت.

## ژان ژاک ڕۆسۆ (١٧١٢-١٧٧٨)

ڕۆسۆ، بڕوای وایە، کە مرۆڤ لەگەڵ سروشتدا لە هارمۆنیدا دەژی و بۆخۆشـــی هەر بەشێکە لە ڕێسای سروشـــت و لە ڕێگەی هەستەکانیشیەوە، دەتوانێت زانیاری لەو ڕێسا سروشتیە وەربگرێت. ئەم ڕێبازەی ڕۆســـۆ، لەلایەن پێســـتۆلۆزی و پیاگـــەت، درێژەی پێدرا.

ڕۆسۆی بە زێد سویسری و هاووڵاتی فەرەنسایی، لەڕیـــزی فەیلەســـوفانی ڕۆشـــنگەریی دادەنـــرێ. ڕۆشـــنگەریی لەو ڕووانگەیەوە بۆ زانیاری دەڕوانێت، کـــە بەهۆیەوە مـــرۆڤ ڕزگار دەبێـــت و کۆمەڵگەش دەگۆڕێت. (ڕۆشـــنگەری لەســـاڵانی ١٧٠٠ گەیشتە فەرەنسا).

ئەم ڕێبازە نەیچرالیزمەی ڕۆسۆ، بە نەیچرالیزمی ڕۆمانســـی ناودەبرێت. ڕۆســـۆ (ســـاڵی ١٧٦٠) لە سەرەتای کتێبی (ئێمیل) دا دەنووسێت:

( (هەرشتێک، کە بە دەستی سروشت و (بنووسی یەکەم) دەخوڵقێت، تەواوکۆیە (کەماڵە)، وەلێ هەر هێندەی دەستی مرۆڤی پێدەگات، ئیدی کاولی دەکات و تێکیدەدات.

مرۆ، بەتۆبزی خاکێک (کێڵگەیەک) ناچاردەکات، شـــینایی خاکێکی دیکـــە وەبەربێنێـــت. درەختێک ناچـــاردەکات، میـــوەی درەختێکی دیکـــە بگرێت. مرۆ کەش و وەرزەکانی ســـاڵ تێـــک و پێکدەدات و دەیانشێوێنێت.

یـــارۆ، ســـەگ و ئەســـپ و کۆیلەکەی خۆشـــی

ســـەقەتدەکات (مەبەســـتی لە خەســـاندنە). مرۆ، حەوسەڵەی هیچی نیە، نە هەر ئەو بابەتانە (شتانە)ی سروشـــت خولقاندوونی، تەنانەت حەوسەڵەی مرۆڤی هاوڕەگەزی خۆیشی نییە! ))

ڕۆسۆ دەنووسێت: (( ئامانجی فێرکردنی ئێمیڵ، بـــۆ-بوون بە مرۆڤــــە-نەکو فێری کارویپیشـــەیەکی تایبەتی بکرێت، یان بـــۆ پلەوپایەیەکی کۆمەڵایەتی ڕابهێنرێت.))

ڕۆســـۆ، وەک پێداگۆگە ریفۆرمخوازەکانی دیکە، لە فەلســـەفە پێداگۆگیەکەیانـــدا بڕوایان وایە، کە لە بەرنامەی فێرکاریدا، دەبێت منداڵ لە سەنتەردابێت، نەک بابەتەکانی فێرکاری.

دەکرێت دیدی ڕۆســـۆ (لەم بوارەدا) لە ٣ خاڵدا چڕبکەینەوە:

١- بەرنامـــەی فێرکاری دەبێت، حەز و ئارەزووی فێرکار و ئاســـتی پێگەییوی (کامــڵ بوونی) فێرکار بەهەند بگرێت.

٢-فێـــرکاری پرۆســـەیەکی درێژخایەنە و دەبێت لەگەڵ پرۆســـەی گەشـــەی منداڵ و لاودا، پێشـــڤە بچێت.

٣-نابێت پەلە لە فێربووندا بکرێت و بەکرچوکاڵی بەڕێوەبچێت. دەبێت لێگەڕێین منداڵ،تەمەنی منداڵی خۆی بەسەربەرێت.

ڕۆسۆ، بڕوای وایە، کە یەکەم مامۆستای فەلسەفە بۆ مرۆڤ، دەســـت و پـــا و هەســـتەکانیەتی، بۆیە دەنووسێت:

(( منـــداڵ، چەنـــدی حـــەزدەکات، با غـــاردا و بقیژێنێـــت. نابێـــت بەزۆر ئـــارام و کپیـــان بکەین. هـــەر جوڵە و کردەیەک منـــداڵ دەیکات، هەڵقوڵاوی سروشتی خۆیەتی. ئەم بزێوییە هەستەکانی، بینین، بیســـتن و پێ حەسیان چالاکدەکات و منداڵ دنیابین دەبێت. مەشقکردنی ئەو هەستانە، پێشبینی و دید و خەملاندی منداڵ زیاددەکات. ))

مێتودی فێرکردن لای ڕۆســـۆ مێتودی پێداگۆگی ڕۆسۆ، لەسەر بنەمای (ئیندیکتیڤی= هەڵسەنگاندن و خەملانـــدن) بنیاتنراوە. واتە خوێندکار، دەبینێت، ئەزموندەکات و لەو دەرئەنجامانەی دەســـتیدەکەوێت دەخەملێنێت.

کاری مامۆســـتا (دوای باســـکردن و ڕاڤەکردن) پرسیارکردنە. مامۆستا دەپرسێت:

-بۆ، بۆچی؟

-چۆن ئەم پرسیارە وەڵامدەیتەوە؟

-چۆن دەزانیت؟

-ئایا ئەم شتە-دەرئەنجامە، کەڵکی هەیە؟

## یۆهان هێنریچ پێستالۆزی (١٧٤٦-١٨٢٧)

یۆهان هێنریچ پێســـتالۆزی-سویسری-مامۆستا و نووســـەر بـــوو. بیر و بۆچوونەکانـــی خۆی لە ژێر کاریگەری دیدگا پێداگۆگیەکەی جان جاک ڕۆســـۆ دا بنیاتنابوو.

پێســـتالۆزی، تـــەواوی ژیانـــی خۆی بـــۆ وانە گووتنەوە بە منـــداڵان (منداڵانی هەژار) تەرخانکرد. چەنـــد خوێندنگەیەکـــی دامەزرانـــد، دواتـــر بوونە نموونـــە لە وڵاتانی ئەوروپادا. پێســـتەڵۆزی گشـــت بیـــر و بۆچوونەکانی خۆی لە دوو شـــاکارە ڕۆماندا کۆکردۆتەوە.

(لینهـــارد ئوند گێرترود) لێنهـــارد و گیرنەرد لە ساڵی (١٧٨١-١٧٨٧) دا نووسراوە.

(وای گێرترود ئیهرە کیندەر لێرت) گیرنەرد، ئاوها منداڵەکانی فێردەکات لە ســـاڵی١٨٠١دا نووســـراوە.

ئامانجی سیســـتەمە پێداگۆگیەکەی پێســـتالۆزی، فراژوتن و گەشـــەپێدانی هێزی مێشـــک، هێزی دڵ و هێزی دەستە.

هێزی مێشـــک، کاتێک گەشـــەدەکات، کە منداڵ فێربێت، ببینێت و بتوانێت لە بینینی (بەشـــەکان) (گشت) یان وردەکاری ببینێت.

هێزی دڵ

هێزی دڵ کاتێک گەشەدەکات، کە منداڵ فێربێت بەهـــا بۆ ژیانی ڕۆژانە دابنێـــت و گوێ لە گەورەکان بگرێت.

هێزی دەست، یان هێزی لەش، کاتێک گەشەدەکات و پەرەدەســـتێنێت، کە منداڵ کاری دەســـتبکات و ئـــەوەی فێری دەبێت، بەکـــردەوە، پراکتێک، بیکات و لە چالاکی وەرزشـــیدا بەشداربێت (ئەمانە دەبێت بەشێک بن لە بەرنامەی ڕۆژانەی خوێندنگە).

بەبڕوای پیستالڵۆزی، پێداگۆگی زیرەک و بەتوانا، لەڕێگەی لێکۆڵینەوە و ڕامان لە سروشت، دەتوانێت ڕێسا و شێوازی فێرکاری پەیدابکات.

## جان پیاگەت(١٨٩٦-١٩٨٠)

جان پیاگەت هەوڵیداوە وەڵامی ئەم ٣ پرسـیارە بداتەوە

١-منداڵ، چۆن لە ڕێسا و یاسا دەگات؟

٢-منداڵ، چۆن دانوسـاندن و درۆ و نایەکسـانی مەحکوم دەکات (هەڵدەسەنگێنێت)؟

٣-دیدی منداڵ، لە هەمبەر سزادا چییە؟

هەروەک ڕۆسۆ و پێستـالۆزی، بۆیان گرنگبوو، پیاگەتیش بەلایەوە گرنگ بوو، کە (فۆرمی فێرکردن) فێری منـداڵ بکرێت، نـەک ناوەڕۆکـی بابەتەکە. بەواتایەکـی دیکە، گرنگە منداڵ فێـری فێربوون و داهێنان بکرێت، نەک ناوەڕۆک و بابەت.

بەبڕوای پیاگەت، فێرکردن (سیستەمی فێرکاری) ئەرکێکـی جڤاتییە، واتە فێرکـردن و گەیاندنی ئەو زانیارییـەی نەوەکانـی ڕابـردوو پەیدایانکردووە و کۆیانکردۆتـەوە، بـە نەوەکانی ئێسـتا و منداڵان ئامادەبکرێن تا لە داهاتوودا بتوانن ڕووبەڕووی گرفت و کێشـەکان ببنەوە. دەبێت منداڵان فێری فێربوون بکەین. دەبێت ئەرکی سـەرەکی و بنەڕەتی پرۆسەی فێرکـردن ئـەوە بێـت، ئەندڤید/تاکی سـەربەخۆ، پێبگەێنیـت و ئامادەبکات، کە بتوانێت شـتی نوێ بـکات (ئەفراندنـی هەبێت/ کریاتیـڤ بێت)، نەک هەمان شت/ بابەتی نەوەکانی پێشوو دووبارەبکاتەوە. پیاگەت، منداڵانی وەک گچکە فەیلەسـوف دەبینی. ئەو بڕوای وابوو، کە منـداڵ دنیایەک بیرکردنەوە و ڕامانی (گچکەی) تایبەت بەخۆی هەیە، ئەو دنیایەی ناو نابوو (کۆنسترۆکتڤیزم).

قۆناغی ئـاوەزی، لەسـەردەمی کانت (١٧٢٤-١٨٠٤) دەستپێدەکات.

ڕێباز و بۆچوونە فەلسەفییەکانی کانت، گۆڕانێکی مەزنیـان لـە شـێوازی بیرکردنـەوەدا بەرپاکرد. ڕێبـازە فەلسـەفییەکانی پێداگۆگیش لـەم گۆڕانە بەدەرنەبوون.

کانـت، لـە بابەتـەوە دەسـتپێدەکات و ئاوەز دەکات بـە پێـوەر بـۆ توانـای هەڵسـەنگاندن و حوکمـدان. ئەوجا ویسـت و توانـای تاکەکەس بۆ تێگەیشتن و خەملاندن، دواتر هەڵبژاردن و بڕیاردان. بە بـڕوای کانت، لەبەرئەوەی مـرۆڤ بوونەوەرێکی (گیانەکی)یـە، ئـەوا بوونەوەرێکـی سـنوردارە و تێگەیشتنیشـی لە بـوون سـنوردارە و تەنها ئەو هێنـدە لـە بـوون تێـدەگات، کـە دەکەوێتە بەر ئاگامەندییەکـەی، بەڵام بوونەوەریکـی دیکەی بێ سنور، کە خودایە، دەتوانێت لەتەواوی بوون تێبگات. کانت، ئەو شـتانەی دەکەونـە دەرەوەی ئاگامەندی مـرۆڤ، بە (شـت-لەناو-خۆیـدا) ناودەنێت. یان (نۆمینە) = ئۆبجێکت.

بە بـڕوای کانت مرۆڤ دەزانێـت دنیایەک هەیە لـەدەرەوەی ئاگامەندی خۆیدا، بـەڵام بەتەواوەتی نازانێت ئەو دنیایە چۆنە!

ئەوەی کە مرۆڤ، هەندێکی لەبارەوە دەزانێت، بە (شت-کە خۆی-بۆ من-دەردەخات) ناودەنێت، یان (فێنۆمینە).

لەدیدی کانتدا پـەروەردە و فێرکردن، بنیاتنانی کاراکتێر/کەسایەتییە. کاراکتێرێک کە بە بنەماکانی ئێتیک ڕاهێنرابێت. کەسـایەتییەک، کە ڕێز لە یاسا ڕەوشتییەکان بگرێت و هەستبکات وەک ئەرک دەبێت پەیڕەوییان بکات. لە ڕوانگەی ئەم هەسـت و ئەرکە ڕەوشتییەوە، بەدیدی کانت، کۆمەڵگەیەکی بەڕەوشت و چاک (!) بەرهەمدێت.

## فەلسەفەی پێداگۆگی مۆدێرن

١-قۆناغی پراکتیک

٢-قۆناغی لێنگویستیکی

فەلسەفەی پێداگۆگی مۆدێرن، بە بۆچوونی (جۆن دێوی ١٨٥٩-١٩٥٢) دەبێت:

" منـداڵ بـە دیدێکـی وا ڕابهێنێت کـە ڕێز لە گشـت تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگەکەی خۆی و گشت کۆمەڵگـەی مرۆڤایەتـی بگرێـت و لەهەمبەر ناخی خۆشیدا کەسێکی فێرخواز و ڕەخنەگربێت و هەردەم بەدوای زانیاری و زانستدا عەڤداڵ بێت. کەسێک بێت هەسـتی بەرپرسـیاریەتی هەبێت و بتوانێت حەز و توڕەیی و هەستەکانی خۆی جڵەوبکات."

گەر ئەمە ئامانجی فەلسەفەی پەروەردەکردنی نوێ بێت، دەبێت ترۆپکی ئەم ئامانجە، گۆشکردنی منداڵ بێت بە دیدگا و تێڕوانینی دیموکراتیانە. باسـکردن لە سیسـتەمی دەوڵـەت و حکومەتـی دیموکراتی و کۆمەڵگـەی سـڤیل (مەدەنی)، بەبـێ هەبوونی سیسـتەمێکی پەروەردە و فێرکردنی دیموکراتیانە،

هەقایەتێکی بێ تامە!

دیسان جۆن دێوی لە کتێبی (سیستەمی فێرکاری و دێموکراتی) دا، کە لە ساڵی ١٩١٦ دا نووسیویەتی، جەخت لەسەر ئەوە دەکات، لەڕێگەی سیستەمی فێرکاری دێموکراتیانەوە گەشە بە دیدی مرۆڤدۆستی و کۆویستی منداڵ بدرێت و هەستی بەرپرسیاریەتی و بەتەنگەوەهاتن و ڕەخنەگری، تێدا بخوڵقێنرێت.

ئیدی ئەم سیستەمە وا لە تاکەکانی کۆمەڵ دەکات، کە هەم خۆیان کەسانی دێموکراتخوازبن و ڕێز لە هەست و بیروڕای کەسانی دیکە بگرن و هەم هەوڵ بدەن و کۆشش بکەن، ئەو دید و بەهایانە، لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵ و پێشڤەچوونی زانست و تەکنۆلۆجیادا، پەرەپێبدەن و بیگەێننە نەوەکانی داهاتوو.

١-قۆناغی پراکتیکی( بەکردەوە): ئەم قۆناغە لەسەردەمی جۆن دێوی ( ١٨٥٩-١٩٥٢ ) دەستپێدەکات.

دێوی لە ڕابەرانی فەلسەفەی پراگماتیزمی بوو (پراگما، وشەیەکی یۆنانیە و مانای کردن، یان بەکردەوە -پراکسیس، دەدات) بڕوای وابوو، کە فێربوون بە کردەوە و پراکتیک نەبێت، هیچ کاریگەریەکی نابێت، بۆیە ڕێبازی (فێربوون بەکردن) Dowing by Lerning دامەزراند. دواتر ئەم ڕێبازەی لە سێ خاڵدا چڕکردەوە:

دەبیستم و بیرمدەچێتەوە I and , hear I forget

دەبینم و بیرمدەکەوێتەوە I and , see I remember

دەیکەم و تێدەگەم I and , do I understand

دێوی، لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەکانیەوە، دەستنیشانی ئەو پەیوەندییەی کردووە، کە لە نێوان سیستەمی پەروەردە و فێرکردن و منداڵ-خوێندکاردا هەیە و بە پەیوەندی نێوان (ئۆبجێکت و سۆبجێکت/ خود و بابەت) ی، دادەنێت.

ئەو زیاتر دەڕوات و ئەو پەیوەندییە دەبەستێتەوە بە پەیوەندی نێوان تاک و کۆمەڵەوە.

دێوی بڕوای وابوو، بابەتی پەروەردە و فێرکردن (سیستەمی فێرکاری) نابێت تەنها پەیوەندییەکی یەک جەمسەری لەنێوان بابەتی فێرکاریەکە و منداڵ-خوێندکاردا دروستبکات، بەڵکو دەبێت ببێتە هۆی بنیاتنانی پەیوەندییەکی دوو جەمسەری.

جەمسەری یەکەم، بابەت و منداڵ.

جەمسەری دووەم، منداڵ و کۆمەڵگەو جیهان.

دێوی بڕوای وابوو، ڕامان و لێکۆڵینەوە گرنگترین خاڵە لە پرۆسەی بیرکردنەوەدا. بۆیە گرنگی ئەم پرۆسەیەشی لە سیستەمی فێرکاریدا زۆر بەگرنگ زانیوە.

٢-قۆناغی لێنگویستیکی بەبڕوای ئەریستۆ، (چەمکە گشتگرەکان (یۆنڤێرشاڵ)،کاتێگۆریەکان، هان لەنێو-ناوەڕۆکی (ئیمانێنت) بابەتەکاندا-ئۆبجێکتەکاندا.

ئەم قۆناغە لەناوەڕاستی سەدەی بیستەوە لەگەڵ بیر و بۆچوونەکانی فەیلەسوفی نەمسایی-بەریتانی لودویگ ویتگنستەین (١٨٩١-١٩٥٦) دەستپێدەکات.

ویتگنستەین، زۆر شارەزایانە و هەستیارانە پەیوەندی چڕ و ئاڵۆزی جڤاتی، کە لە میانەی چەمک و دەستەواژە زمانەوانیەکانەوە ئاشکرادەبن، خستۆتەڕوو.

ویتگنستەین بڕوای وابوو بەکارهێنانی چەمکە زمانیەکان لە گەمەیەک دەچن. گەمەیەک کە ڕێسا گەلێکیی خۆی هەیە . ئەوانەی شارەزای ڕێساکانی گەمەکەن دەزانن چۆن گەمەبکەن.

بەڵام ئەم قۆناغە لەسەر دەستی یۆرگن هابەرماس (١٩٢٧) پەرەی سەند. لەم قۆناغەدا چەمکە زمانەوانیەکان جێگەی کاتێگۆرەکانی دانوساندن، لەنێوان مرۆڤەکاندا دەگرنەوە.

بە بڕوای هابەرماس، پەیوەندی مرۆڤەکان تەنها پەیوەندییەکی ئاکاریی بەسەردا سەپاو نیە، کە لەڕێگەی (عەقڵانیەت) ئاوەزیی خودییەوە سەرچاوەی گرتبێت و پەرەی سەندبێت، وەک ئەوەی کانت بڕوای پێبوو، بەڵکو پەیوەندییەکان دەچنە پلەیەکی باڵاتر، ئەویش دۆزینەوەی ڕێگەچارەیە بۆ کێشە و ناکۆکیە کۆمەڵایەتی، ڕەوشتی و سیاسەکان، لەڕێگەی دیالۆگەوە. هابەرماس بڕوای وایە، کە دەبێت گشت لایەنەکان لەهەر کێشەیەکدا، مافی وەک یەک و بەرابەریان هەبێت بۆ داکۆکیکردن لە ڕاوبۆچوون و دیدگاکانیان.

ئالەم ڕوانگە و بۆچوونانەوە، جارێکی دیکە، دەروازە لەبەردەم فەلسەفەدا والادەبێت، بچێتە ناو پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنەوە.